KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-9-2007 22:36بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بە دەفتەرێک بخوێنەو بە 120 هەزار دابمەزرێ! ... زانکۆ جاف

لاتان سەیر نەبێ لە کۆمەڵگایەکی سەر ئەم زەمینە پاك و بەرینەدا جار بەجار شتی سەرسوڕهێنەر ببیستن، نەخاسمە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی کە پڕە لە نەزمی کۆمەڵایەتی، پڕە لە کێشەی پەروەردەیی و کەموکورتی لەبوارەکانیدا، سەر خۆشبێ شتی سەرسوڕهێنتریش دەبیستن کە پرۆسەی خوێندنی لەچاخی خۆڕاییەوە بەهەڵەیەکی زۆرەوە گەورە دەبێت و پەڕو باڵ دەردێنێ دەفڕێت و خۆی دەگەیەنێتەوە نێو قۆناغێکی تری زۆر هەستیارو دژوارەوە کە ئەویش خوێندنە بە پارەیەکی خەیاڵی، زۆر دڵنیاشم ئەم هەنگاوە نوێیەش کە حکوومەت ناوێتی دڵی بەوە خۆشە کە خوێندن تاڕادەیەك پێشڤەچوون بەخۆوە دەبینێ، لێ



لەمەشیاندا تووشی هەمان هەرەسی پەروەردەیی دەبێ کە لەمێژە ڕێڕەوی چەقبەستوویی خۆی گرتووە و تەنها بە موعیزەی ئیلاهی نەبێ مومکین نییە بەرەو چاکسازی بچێت .!

مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتەم تایبەتە بە کردنەوەی ئەو زانکۆ ئەمەریکییە کە لەشارە جوانەکەی سلێمانی بڕیاروایە لەدایك ببێ! پێموایە کردنەوەی زانستگایەکی لەمجۆرە لەلایەك جێگای دەستخۆشییە لەحکوومەت، گەر بکرێت بەشێکی زۆری قوتابیانی تێدا وەربگیرێت، لەلایەکی تریش گلەیی ئەوەش دەکەین ئەو بڕە پارەیەی کە وەك پێشەکی ساڵانە لە قوتابیان وەردەگیرێ، کە ناشزانرێ و ڕوون نییە دواڕۆژی دەرچووانی ئەو زانکۆیە وەك هەمان زانکۆکانی خۆمانی لێدێت یان نا؟ کە بە درێژایی 4 ساڵ دەخوێنن و دواییش بە 120 هەزار دیناری بریمەر دادەمەزرێن!، کورد گوتەی عاقیبەت شەڕ دەبن، ئایا ئەم دەستپێشخەرییەی حکوومەت خۆی لەخۆیدا بڕوانەبوون و دانپیانەنانە بە زانکۆکانی کوردستان یاخود بەڵگەی بێ دەسەڵاتی و کەم شارەزایی مامۆستایانی کۆلێژەکانمانە؟ یان نەتوانینی حکوومەتە بۆ گۆڕینی پەیڕەوو پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکانی دهۆك و سلێمانی و هەولێر؟ یاخود چی تر !! . ... ئێوە بیڵێن ! ... ؟

پێش ئەم هەوڵە دەبوا حکوومەت پێشینەیەکی زۆر باشی هەبوایە تاکو لە داهاتوودا تووشی ڕەخنەو گلەیی و تەنانەت شکستی زۆر نەبێتەوە، بۆ ئەم جۆرە هەنگاوانەی حکوومەت و وەزارەتی پەروەردە پێویستە بەدواداچوونی هەبێ و سەرەتای کارەکانیان هەوڵدان بوایە بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن و باشترکردنی لایەنی مادی مامۆستایان، نەك بە کردنەوەی زانکۆیەکی خەیاڵی لەمجۆرە، کە ئەوەندە نائومێدی بە قوتابیان دەبەخشێ لەو بڕوایەدانیم چرکەساتێك خۆشبەختییان بۆ فەراهەم بکات .

دەکرێ لەمڕووەوە ئاماژە لەسەر باش و خراپی کردنەوەی ئەم زانکۆیە بکرێت کە ئاخۆ پرۆسەی خوێندن و گوتنەوەی وانەکان لەم زانکۆیە لەلایەن مامۆستایانی خۆماڵییەوە دەبێ یاخود ئەویش بە هاوردە دەبێ، چونکە گەر بەخۆماڵی بێت پێویست بەو بڕە پارە خەیاڵییە ناکات کە لە قوتابیانی بەشداربووی ئەو زانکۆیە وەردەگیرێ؟ ئایا بڕوانامەکەی چۆنەو لەچی ئاستێکدایە؟ هەرچەندە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێ کە نێودەوڵەتی دەبێ، لێرەدا گرێیەك دروست دەبێ، ئەویش ئەوەیە خۆ قوتابی کورد ناتوانێ بستێك لەنیشتمانەکەی بەولاوە هەنگاوبنێ، باشە ئەوکات نێودەوڵەتی چی سوودێکی بۆی دەبێ؟

ئەو بڕوانامە خەیاڵییە تاچەند گرێنتی کار بۆ قوتابیانی دەرچووی زانکۆی ئەمەریکی دەستەبەر دەکات؟ ئایا هێندەی ئەو پارە خەیاڵییەی کە سەرەتا لێیان وەردەگیرێ بۆ ماوەی ساڵێك، دەبێ بپرسین ئەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org

3-9-2007 22:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دوای دەرچوونیان مووچەی دامەزراندندا چەند دەبێ؟ هەرچەندە پێناچێت و هەرگیز لەو بڕوایەدانیم لە دەرچووانی زانکۆکانی خۆمان زۆرتر وەربگرن، یان خوانەخواستە حکوومەت ئەو هەڵە گەورەیە بکات و لە پلەو پایەیەکی بەرزی حکوومیدا دایان بمەزرێنێ .

بەبۆچوونی من ڕەنگە لەلای خودی حکوومەت کردنەوەی ئەم زانکۆیە بە دەسپێشخەر و هاوکارێکی زۆرباش وێناکردبێ بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە کوردستاندا، بەڵام دەشکرێ لایەنی خراپی ئەو زانکۆیەش ئاماژە پێبدرێت و بۆ قوتابیانی خەیاڵوی ئەو زانکۆی باشتر ڕوونبکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لەلای من گەلاڵەبووەو دەمەوێ باسی بکەم، ئەوەیە خۆزگە حکوومەت لەجیهاتی کردنەوەی زانکۆی وەها باشتربوو پرۆگرامی پەروەردەو خوێندنی بگۆڕایە و گۆڕانکارییەکی جیدی لەنێو ناوەندەکانی خوێندن و پرۆسەی خوێندندا بکردایە!

zanko_jaf@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.